
Stadt Zürich
Umwelt- und
Gesundheitsschutz

# مێرووی پێخەف

مێرووی پێخەف (*Cimex lectularius*)) بە شێوەیەکی بەرفراوان لە سەرانسەری جیهاندا بڵاوبووەتەوە. عادەتەن لە ڕێگەی بارگە و لە ڕێگەی سیسەم و ئەساسی ماڵ کە تووشی ئەمە هاتوون بڵاودەبنەوە. ئەو مێرووە شەوانە خوێنی مرۆڤ و ئاژەڵ دەمژێت. لە ڕۆژدا لە نزیک سیسەم خۆی دەشارێتەوە لە درزی تاریکی ئەساسی ناوماڵ یان لەسەر چوارچێوەی تەختەکە، لە ژێر یان لەسەر دۆشەکەکەدا. مێرووی پێخەف هیچ پەیوەندییەکی بە بارودۆخی پیسەوە نییە. هەموو کەسێک دەکرێ تووشی بێت. لە کاتی تووشبووندا، تەنیا کۆنترۆلکردنی حەشەرات بە شێوەیەکی پسپۆڕانە یارمەتیدەر دەبێت.

## زیانەکان

– شەوانە گاز لە شوێنی دانەپۆشراو دەگرێت (وەک مل، دەموچاو، قۆڵ، پاژنەی پێ، هتد).
– کاردانەوەی خورانی پێست زۆرجار تەنیا بۆ چەند کاتژمێرێک یان چەند ڕۆژێک دوای گازگرتنەکە دەمێنێتەوە.
– نزیکەی 20%ی دانیشتووان کاردانەوەی پێستیان نییە بەرامبەر بە پێوەدانی مێرووی پێخەف.
– گواستنەوەی نەخۆشیی لەلایەن مێرووی پێخەفەوە تا ئێستا نەزاندراوە.




سووڕی ژیانی مێرووی پێخەف. وێنەکان: گەشەی مێرووی پێخەف

## ڕواڵەت

– درێژی مێرووی پێخەفی پێگەیشتوو نزیکەی 4-6 میلی مەترە و تەختە، کاتێک بە تەواوەتی تێرە درێژییەکەی نزیکەی 10 میلی مەترە و ڕەنگیشی قاوەیی سوورباوە.
– مێرووی پێخەفی پێنەگەیشتوو بچووکترە و ڕەنگی کاڵترە.



مێرووی پێخەفێکی گەورە کە لە خوێن دەخوات. وێنە: شاری زیوریخ، پاراستنی تەندروستی و ژینگە

## گرنگی و خووەکان

– خوێنی مرۆڤ و ئاژەڵەماڵیەکان دەمژێت بەتایبەتی لە شەودا.
– لە ڕۆژدا لە نێو درزەکانی سیسەم و ئەساسی ناوماڵ و ژوورەکاندا خۆی دەشارێتەوە.
– دەتوانێت لە شوقەیەکەوە بۆ شوقەیەکی تر بڕوات، بۆ نموونە ئەگەر بە پڕژێنەری مێروکوژ هەوڵی کۆنترۆڵکردنی بدرێت.
– مێینەکەی تا 500 هێلکە دەکات.
– دەتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژتر بەرگەی سەرما بگرێت و تا 6 مانگ بەبێ خواردن بمێنێتەوە.
– نزیکەی 1 ساڵ دەژیت.



*پیسایی مێرووی پێخەف لەسەر تەختەی سیسەمێک کە بە توندی تووشی مێرووی پێخەف بووە.*
*وێنە: شاری زیوریخ، پاراستنی تەندروستی و ژینگە*

## دوای مانەوەی شەوێک لە ژوورێکدا کە مێرووی پێخەفی تێدابووە چی بکەین؟

- له باڵکۆنەکەدا بارگەکەت بکەوە.
- ئەگەر نەکرا دەستبەجێ جلە پیسەکانت بشۆیت، ئەوا لەناو کیسی زبڵدا هەڵیانگرە کە بە توندی بە شریت داخراوە.
- دەستبەجێ بیانشۆ لە پلەی گەرمی 60°C بۆ ماوەی 30 خولەک یان دوو جار لەسەر یەک لە پلەی گەرمی 40°C دا.
- بیانخەرە ناو وشککەرەوە بۆ ماوەی 30 خولەک لە پلەی گەرمی 45°C.
- بۆ چەند ڕۆژێک بیخە ناو فریزەر لە پلەی گەرمی 17-°C.
- ناوەوە و دەرەوەی جانتا/کیسە بەتاڵەکان لە دەرەوە بە پرژێنەری مێروکوژ بیپرژێنە، پاشان با لە ژووری ژێرزەمینی یان لە باڵکۆنەدا بە باشی هەوا لێیان بدات.

## بارودۆخی یاسایی

هەرکەسێک لەگەڵ کۆمپانیایەک گرێبەست بکات، دەبێت تێچوونەکانیشی دابین بکات. خاوەن بیناکە یان بەڕێوەبەرایەتی دەبێت شوقەکە لە دۆخێکی باشدا و بە بێ مشەخۆر بە کرێ بدات (هەروەها سەیری یاسای پابەندبوونەکانی سویسڕا بکە، بە تایبەتی بەپێی یاسای کرێ و "فەرمانی پاک و خاوێنی گشتی و نیشتەجێبوون"ی کانتۆن). ئەگەر لەکاتی گواستنەوە بۆ ناو شوقەکە حەشەراتی لێ بێت، ئەوە بە عەیب و کەمی لە موڵکی بەکرێگیراودا دادەنرێت. خاوەن خانوو بەرپرسیارە لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە. ناکرێ بە ئاسانی تێچوونەکان بۆ کرێچییەکان بگوێزرێنەوە. ماددەکانی 256 و 257f, g, h و 258 و 259 لە "یاسای پابەندبوونەکان" دۆخی یاسایی موڵکی نیشتەجێبوون ڕێکدەخەن.

## ئێمە دەتوانین یارمەتیتان بدەین

پەیوەندیمان پێوە بکەن، یان مێرووەکانمان بۆ بنێرن یان لەگەڵ خۆتان بیانهێنن بۆ دەستنیشانکردن. ڕاوێژکارییەکانمان بێ بەرامبەرە و تەنیا بۆ دانیشتوانی شاری زیوریخە. کاتی پەیوەندی تەلەفۆنی دووشەممە بۆ هەینییە، کاتژمێر 1:30ی پاش نیوەڕۆ بۆ کاتژمێر 2:30ی پاش نیوەڕۆ.

## کۆنترۆلکردن

- تەنیا لە کاتێکدا شێوازەکانی کۆنترۆلکردن بەکاربهێنە کە بەڕاستی مێرووی پێخەف دۆزرابێتەوە.
- هەوڵ مەدە خۆت بە پرژێنەری مێروکوژ بیانکوژی، ئەمە مێرووەکان دەترسێنێت و دەبێتە هۆی ئەوەی بە تەواوی لە شوقەکە یان ماڵەکەدا بڵاوببنەوە.
- پێویستە ئەمە تەنیا لەلایەن بەشی پسپۆڕی کۆنترۆلکردنی حەشەراتی خاوەن بڕوانامەی فیدڕالی سویسڕاوە ئەنجام بدرێت.
- دەبێت ئامانجەکە بنبڕکردنی تەواوی بێت.
- لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، ئەمە پێویستی بە زیاتر لە یەک قەڵاچۆکردن دەبێت. بژاردە جێگرەوەکان: چارەسەری بە گەرما یان سەرما، تۆزی سیلیکات، هەڵم.
- ڕێگاکانی قەڵاچۆکردن لە دیسان هاتنەوەیان ناتپارێزێت.

## ڕێگریکردن

- سیسەم و ئەساسی ناوماڵی بەکارهێنراو بپشکنە بۆ بوونی مێرووی پێخەف یان پیسایی یان شوێنەواری خوێن.
- هەروەها لەوانەیە سندوقەکانی ماڵ گواستنەوەی بەکارهێنراو مێرووی پێخەفیان تێدابێ.
- جل و بەرگی دەستی دوو لە پلەی گەرمی 60°C بشۆ یان بیانخەرە ناو وشککەرەوە بە پلەی گەرمی 45°C.
- ئەگەر مێرووی پێخەف هەبوو، ئەساسی ناوماڵ لە پلیکانە یان ژێرزەمین یان بەیتوونە دامەنێ بۆ ئەوەی دراوسێکانیش تووشی مێرووی پێخەف نەبن.
- ئەگەر ئەساسی ناوماڵ فڕێدا، تکایە بە ڕوونی نیشانەیان لەسەر دابنێ کە مێرووی پێخەفی تێدایە یان وای لێبکە کەڵکی نەمێنی بۆ ئەوەی کەسانی تر ئەم ئەساسە و مێرووی پێخەفەکە نەبەنەوە ماڵەوە.
- ئەگەر لە کن خزم یان ناسراوی خۆت دەمێنیتەوە، دڵنیابە لەوەی کە مێرووی پێخەف بە بارگەکەتەوە لەگەڵ خۆت هەڵناگریت.
- کاتێک دەچیتە ژووری هۆتێل یان شوقەیەک، بۆ دۆزینەوەی مێرووی پێخەف یان پیسایییەکەی بە لایتێکی بەهێز لە چوارچێوەی سیسەم و چوارچێوەی تەختەکراودا بۆی بگەڕێ (بڕوانە وێنەکە لە ستوونی تەنیشتەوە).

## چۆن تووشبوون بە مێرووی پێخەف دەستنیشان دەکەیت؟

- لە ماوەی ڕۆژدا، لەسەر چوارچێوەی سیسەمەکە و لە درزەکانی نزیک سیسەمەکە خۆی دەشارێتەوە.
- شوێنەواری پیسایی یان خاڵی ڕەشی بچووک (بڕوانە وێنەکە لە ستوونی تەنیشتەوە) یان شوێنەواری خوێن لەسەر چەرچەفەکە هەیە.
- گەڕانی ماڵەکە بە سەگی بۆنکەری مێرووی پێخەف دەکرێ ببێتە هۆی چارەسەری کاریگەرتر و هەرزانتر.

## ئەگەر ژووری هۆتێل تووشی مێرووی پێخەف بوو چی بکرێت؟

- تکایە بەڕێوەبەرانی هۆتێلەکە ئاگادار بکەرەوە.
- داوایان لێ بکە ژوورێکی ترت پێ بدەن، باشتر وایە کە ژووری تەنیشتی نەبێت.
- تا دەتوانی جانتاکە لە سیسەمەکە دوور دابنێ و هەموو زنجیرەکانی دابخە.

شاری زیوریخ
پاراستنی تەندروستی و ژینگە
بەشی ڕێگریکردن لە حەشەرات
Eggbühlstrasse 23
8050 Zurich
تەلەفۆن 41+ 44 412 28 38
ugz-schaedlingspraevention@zuerich.ch
stadt-zuerich.ch/schaedlingspraevention